# شێوەگۆڕینی ئایین لە جیهانی مۆدێرنەدا

## سەبارەت بە ئایین و سێکولاریزم

پیتەر سلۆتەردایک
لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

(٢ - ٢)

ئەوەش لە خۆیدا بە کارەکتەری مۆدێرنێتەوە پەیوەستدارە، کە ئۆرگانە لۆگیکییەکەی، بابڵێین سەری، یان مێشکی، سەرەتا شتێکی فەلسەفییانە نییە، بەڵکو فۆرمی زانست و لێکۆڵینەوەی بەخۆی داوە. کاری نموونەییانەی مۆدێرنە لە ئیش تێداکردنی جیهان وەک زەبەللاحێک بریتی بووە لە توێژینەوە لە شێوازێکی زانستییانەدا، ئەمەشی وەها ئەنجام داوە، لێکۆڵینەوە لە زەبەللاحەکە بکات، بەبێ ئەوەی لێی ڕا بمێنێت، زانست وا کار لە جیهاندا دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ یادداشتێک لە زەبەللاحێتییەکەی وەرگرێت، لەم دیدگایەوەش هەڵبەتە هایدگەر ڕاستی گوتووە کە زانست بیرناکاتەوە. ئەگەر ئەمەش دروست بێت، ئەوە بیرکردنەوە دەبێت هەروا لێی تێ بگەین کە بریتی بێت لە مەستبوونی خەڵوەتی ئامانجەکەی ئێمە بەرەو زەبەللاح.

ڕەنگە هێندەش بەس بێت ئەگەر بڵێین، زانست هەڵنالەرزێت، ئەمەش نابێت وەک ڕستەیەکی ڕەخنەگرتن لە زانست لێی تێ بگەین، بەڵکو وەک ئاماژەیەک لەسەر ئیشکردنی هۆشپێدەرانەی زانست و توێژینەوە سەبارەت بە جیهانێکی خاڵی لە عەقڵی خودایی. مۆدێرنەش بە کردەوە لە ڕێی هێزی میتود و نەریتە زانستییەکانەوە جێگرەوەیەکی زیندووی دروست کردووە بۆ دڵنیایی ڕێکخستنی تیۆلۆگیا. بەپێی دروستبینییانەی خۆیشی، یان هیچ نەبێت بەهۆی مانا تێگەیەنراوەکانییەوەیە، ئەو لەناو ئەوروپای سەدەی نۆزدەدا جۆرێک کڵێسای زانستی بۆ خۆی شێوەگیرکرد، کە دڵنەوایی هاوچەرخەکانی بەوە دەدایەوە، گوایە ئەو لەپێناوی ئەوەدا لەوێدا هەیە کە باوەڕە کزەڵە کۆنەکە لە ڕێی جیهانبینی زانستییەوە بە باوەڕێکی بووژاوەی نوێ بگۆڕێتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێی دەگوترێت «باوەڕی نوێ» کە



**پیتەر سلۆتەردایک**

دەستــــەواژەیەکی ناوداری (دەیڤــیــد فـــریدریکس شـتـراوس)ە، لە دیدی وەزیفـەییەوە هیچ نییە جگە لە توانایی کارکردنی ڕێکخستنداری زانست و تەکنیک بۆ جیـهانە بە سێکولاربووەکە، واتە: باوەڕە نوێکە، وەک هەر باوەڕێکی کـۆن، کـار بۆ ئەوە دەکـات، جـیـهـان بۆ مرۆڤ بکاتە شـتـێکی گـومـاناوی geheuer. یەکـەمین هەنگاویش بۆ دامەزراندنی مرۆڤ لەناو جیهانە زەبەللاح و گــومــاناوییــەکـەدا die geheuer-ungeheuer Welt «لێـرەدا زەبەللاح بە مـانای شـتـێکی بەسـامیش دێت، وەرگـێـڕ» لە ڕێی خـسـتنەڕوو و ڕاڤـەکـردنی گـشـتـە بە جیـهانی بوونەکەوە وەک ئەو شـتـەی کە بە شێـوەیەکی بەردەوام ناتوانێت هیچ نهـێـنیـــیـــەک لە بەردەمی توێژینەوەی زانسـتیدا بپارێزێت. هەنگاوی دووەمینیش بریتییە لە ڕاگەیاندنی ئامادەیی باوەڕهێنان بە بنەماکانی تیـوری گـەشـەسـەندنی سـروشـتی. سـەردەمی زانسـتی سـروشـتی لەناو نێـوانگیری باوەڕدارانەی فـیـزیک و هۆلیزمدا دامەزرا کە بەمـەش حسابەکە دەکەوێتە سەر باوەڕە میکانیکییانەکەی زانستە ڕەقەکە، بەبێ ئەوەی دڵنەوایی تیورییە کلاسیکییەکەی هارمۆنیای جیهان بە تەواوی ون ببـێت. ئەوەی نـاوی سـروشت بلـێـت، بەڵام مەبەستی لە جیهان بێت، ئەوە زۆرترین کاری کردووە بۆ پەروەردەکردن و ڕامکردنی زەبەللاحەکە و بەسامەکە. لە ڕێی «بە سروشتیکردن»ـەوە جیهانە زەبەللاحەکە چۆک بۆ کردەیەکی دەسـتووربەخش لە ڕوحی زانسـتـەوە دادەدات. سـروشت، واتە دایک و دروسـتکەر و هەڵگر، ناتوانێت دواجار هێندە زل بێت. بەم جۆرە ئیـتـر خودا ئەگەر وەک سوبستانزێک پووچەڵ نەبووبێتەوە، ئەوە لە وەزیفەکەیدا وەک دەسـتـووربەخـشی جـیـهـان لەناو «سـروشت»ی جیهانبینی زانستییانەدا پووچەڵ کراوەتەوە.

ئەوەشی سـەبارەت بە سـێکولاریکردنی دەروون و ڕەوانە، بەم جۆرەیە سەدەی ١٩ سەرهەڵدانی شەپۆلێکی گەورەی پسایکۆلۆگیای زانستی بە خۆوە دەبینێت کە بە هەوڵدانی بەهەند وەرگـرتنی وەرگـێـڕانی دیاردەی دەروونییانە لەناو زمانی میکانیزمدا دەست پێ دەکات.

لە نێوان دەروونناسە فـەلسـەفییـەکانی سەدەی ١٩دا فـریدریش نیـتـشـەی ئەوروپایی ئەڵمـانی و (ویلیـەم جەیمس)ی ئەمـریکایی نیو ئینگلیـزی دوو جێگەی زۆر پێشـەنگیـان داگیـرکـردووە، لەبەر ئەوەی هەردووکیـان، ئەگـەرچی زۆر قـووڵ پرۆژەی بە سروشتـیکردنەوەیەکی دووری دەروون دەچن، دوو بیریاری بلیمەتی مۆدێرنەن، واتە دوو ڕاڤەکاری شتە زەبەللاحەکە بوون، ئەگەرچیش پێشان جار بە جارێک ئاماژە بە هەندێک هاوتەریبێتی چارەنووسی فیکری و کەسێتییانەی نێوان نیتشە و ولیەم جەیمس دراوە، سەبارەت بە بەشداریکردنی هەردووکیان لە نەخـۆشـیـیـەکـانی سـەدەی ١٩ و دیلانێکردنی هەردووکـیـان لە نێـوان دەنگە خـەمـۆکی و پاڵەوانئامێزەکاندا درک پێ کراوە و لێکچوونێکی قـووڵی نێـوانیـشـیـان لە ڕووی بەرەنگاریبـوونەوە نەبراوەکـەیان بەگـژی تارمـاییـە ڤـیکـتـۆریایی و داروینیـیـەکـەی داڕووخـان/ دێکادێنس و لاوازی دەمـارەکـاندا سـەلمێنراوە. هەردووکـیـان مـەحکووم بوون بەوەی، بە هیـواوە بژین و توانیـیـان ببنە پزیشکی تایبـەتمەندی خـۆیان و چەندان سـاڵ خـۆیان بەرەو ئەوە ڕاکـێش کـرد لەناو بێ ئارامـیـیـە ئارامـەکـەی مرۆڤدا چاوەڕوانی سـاڕێژبوونەوە بن. زانینی ئەوەی، هۆش و دیئێت زۆر بەتەنگی پێکەوە لە پۆزیڤیسـتە تەندروستە بێ بیرۆکەکان بەستراوترن، واتە: ئەمە بۆ هەردووکیان هەم دڵنیـاییـەکی تیـوری بوو، هەم دڵنیـاییـەکی کەسێتییانەش بوو بۆ خۆیان.

هەوڵەکـانی ئەم دوو هاوشـانە لەسـەر ئەرکی ژیان کارییەکانی وەهم و باوەڕ lebensdienlichen Funktion der Illusion und Glauben، بـگـرە لـەوەش زۆرتـر، هاوئاوازی ڕێبازەکەیان دەربارەی سروشتی دووەمینیانەی تێگە لۆگـیکـیـەکـان لە پێـوەندییـاندا بە پرۆسێـسە

یەکەمین و سەرەتاییە وزەبەخش و کاراکانەوە، بەزەقی دیارن. دەتوانین ئەوە بچەسپێنین، هەردوو دەروونناس نیتشە و جەیمس بەو تیورییانەیان گومرگیان خستووەتە سەر باجە بەهێزەکەی ڕوحی سروشتگەرایی. هەڵبەتە خزمایەتی ئەم دووانە دەگاتە چینە قووڵەکانی بنەوەش، کەواتە ئەگەر نیتشە و جەیمس هەریەکەیان بە ئامرازی خۆی ئیمپەراتیڤی سروشتییانەی سەردەمەکەی خۆیان لە بواری بابەتە دەروونییەکەدا لە سێدارە دابێت کە لەژێر ناوێکی هونەرییانەی وەک دەروونداPsyche وەک تۆڕبەندێکی فرەگرێی میکانیزمە باڵاکان خراوەتە ژێر پشکنینەوە، ئەوە ئەوانیش لە قەوارە گەورەکەی بیرکردنەوەیاندا تەنیا لەوێدا ئەوەیان بینیەوە کە بەشتبوونی دەروونیانVergegenständlichung des Psychischen لە ڕێی چەمکێکی زانستییەوە تێپەڕاند و بەرەو بازدانێکی سروشتییانەی فەلسەفەی ژیان و بوون چوون، ئەوان بەم تێپەڕاندنەیان توانییان قەوارەی زانستە بەندکراوەکە بەجێ بهێڵن و وێڕایان لە بەردەمی ئەو ڕایەدا قوت بینەوە کە جیهانە دانەنراوەکە وەک شتێکی زەبەللاح خۆی بۆ دەنواندن، هەروەها هەردووکیشیان وەک دوو دەروونناس/ پسایکۆلۆگ بریتی بوون لە دوو بیرمەندی ڕەسەنی مۆدێرنە، چونکە ئەوان لە بابەتی چاودێری کردنەکەیاندا زۆرتریان بینیوەتەوە لەوەی ڕەوتی زانستگەرایی Szientisimus ڕووت دەتوانێت ببینێت.

کاتێک ئەوان لەبارەی دەروونەوە قسە دەکەن، بەمە باڵاترین میکانیزمیان بەپێی ڕێساکانی هونەر دەرخستووە، بەڵام لەم مەشقەشیاندا ئەوەیان لەبیرنەچووە کە ئەم دەروونە/ پسایکۆبە بریتیشە لە ئۆرگانۆنی شتە زەبەللاحەکە، هەروەهاش ئەگەر «ڕەوان Die Seele» تەنیاش بریتی بێت لە ماڵێکی کوالیسیی بیۆمیکانیکی، ئەوە هێشتا بەو شانۆیەش دەمێنێتەوە، کە لەسەریدا یەکەمین نمایشی جیهان لەبەردەم هەر تاکە کەسێکدا کە دێتە جیهانەوە ڕوودەدات. لەم ئێشەدا پسایکۆی ئۆبیەکتیڤی بۆ هەردوو بیریارەکە بریتییە لە دڵێکی سەرکێشانەی هەبوون. دواجاریش هەردووکیان بەر ئیتیکی ژیانی ئەزموونکراو دەکەون کە لێوەی چەمکی ئەزموونExperimentی نیتشەیی دروستتر خۆی بە کۆنسێپتە ئیستێتیکییەکانی وەک هێزی خەون Traumkraft و ویستی دەسەڵات Wille zur Macht ڕوون دەکاتەوە، لەکاتێکدا ژیانی ئەزموونکراوی لای جەیمس مەبەستی لە خۆئەزموونکردنێکی مۆراڵییانە و ئاینییانەی ژیانە لە تاقیکردنەوەی ئەگەر و شیمانە زیندووەکاندا lebendigen Hypothesen.

تێمپەرامێنت/ مەزاج و ڕێگەی نیتشە و جەیمس لەوێدا لێک جودا دەبنەوە کە ڕاڤە فیکرییە ئازاراوییەکەی زەبەللاح دەست پێ دەکات. لەوێدا کە نیتشە لەسەر تەنیایی و دەستەبژێری و بەلووتکەبوون دانیشتووە، لەپێناوی ئەوەی مرۆڤ بەرەو بەرزەمرۆڤ هەڵبرێت، چونکە ئەو زەوییەی مرۆڤە ماندووەکەی لەسەر دەژی، دواجار دەبێت لەگەڵ خوداوەندی خۆی و ئاوتۆگێنیدا ئاوەدانی بکاتەوە و نیشتەجێی بێت، کەچی جەیمس وەها ڕەفتار دەکات، چەندێک پێی بکرێت حەزدەکات میانڕەو، بەخشندە، ئاسوودە، نابژاردەیی و کۆمارییانە دەربکەوێت.

ڕەنگە ئەوە بشێت بۆمان و بتوانین ئەو دووانە لێکدژە دیارانە بۆ تەواوی مۆدێرنە لە نێوان بیرۆکەی هەڵکشان و گرژبوون و بیرۆکەی هێورکردنەوە/ داکشاندا لەنێو جیاوازی تێمپەرامێنتی نێوان (نیتشە) و (جەیمس)دا بە نموونە ڕوون بکەینەوە. بەلای یەکێکیانەوە ڕاستی لەسەر لووتکەی هەڵکشاندا دەردەکەوێت، کەچی بۆ ئەوەی تریان ڕاستی بریتییە لە داکشان، یان لە «لەهەڵکشان خستنی» ڕێگای پاشا لە عەقڵیەتی ڕابەرایەتیدا.

لەکاتێکدا نیتشە لە دەمامکی زەردەشتدا خۆی دەکاتە پەروەردیاری میری داهاتوو و دەیەوێت ڕاستەوخۆ مرۆڤ بەپێی پێوەر، یان شاپێوەری دێوەکان پەروەردە بکات، کەچی جەیمس، پرۆفیسۆرەکەی هارڤارد، خۆی وەک وەزیری کۆمارێکی ئۆنتۆلۆگی دەردەخات کە تێیدا هەرچییەک هەبێت، تەنانەت نائاسوودەییەکەیشی و زێدەڕەوییەکەیشی دەبێت وەک مافێکی فینۆمینۆلۆگییانەی هاووڵاتی خۆشنوود بێت لێی، ئەمەش بریتییە لە مانای خەباتەکەی جەیمس بۆ ئەمپیریزم/ ئەزموونگەری وەک هەڵوێستەی کرانەوەیەکی بێ مەرج بۆ دووری هەموو جیهانە دەرکەوتەییەکە. ئەگەریش بمانەوێت بە تاکە وتەیەک ڕاڤەکردنی «زەبەللاح» لای نیتشە دەستنیشان بکەین، ئەوە ئەو وتەیە بریتییە لە: بەرزایی Höhe، کەچی ئەو وتەیە لای جەیمس بریتییە لە: فرەیی Vielfalt. ڕێکەوتیش نییە ئەم دەستەواژەیە لە ناوونیشانی کتێبە شاکارەکەی (جەیمس)دا سەبارەت بە

فەلسەفەی ئایین دەردەکەوێت، بەناوی: فرەیی ئەزموونەکانی ئایین. The Varieties of Religious Experiences. ئەم ناوونیشانەش جەیمس توانی لەو وانانەوە دایبڕێژێت کە لە ساڵانی ١٩٠١ بۆ ١٩٠٢ لە ئەدەنبەرە  دابوونی.

ئێستا ئیتر پێویستە ئەو ئاماژەکانی بواری فەلسەفی خۆی لە ناوونیشانی کتێبێکدا دابنێت و فرەیی وەک گوتەیەکی دانپێدانان بۆ ئەو پرۆژەیە دابنێت کە لە بنەڕەتدا ئەمە ناوونیشانی بوو: تاسەی ئایینییانەی مرۆڤ و ئاسوودەکردنی بە فەلسەفە. نابێت ئەوەش نادیدە بکرێت کە جەیمس، کاتێک ئەو لەبارەی فرەییەوە دەدوێت، زۆر مەبەستی لەو فرەییە نییە کە بە باشی ئۆرگانیزە کرابێت، واتە ئەوەی بەلای فەیلەسووفانەوە شتێکی گرانبەهایە، تەنانەت بریتیش نییە لەو «هەمەڕەنگی»یە بەدناوەی فەرمانبەرانی ئایدیالیزمی ئەڵمانیش، بەڵکو بریتییە لە: گردبوونەوە کراوەکەی زۆرێتی، بگرە ئەی بۆچی هی فرەیەتی نا، لە بوارێکی دوورتردا، کە هیچ چەمکێکی باڵا کاریگەرتر بەسەریدا زاڵ نییە. فرەیی جەیمسی بریتی نییە لە ڕێکەوتن و لە سازانێکی بەهەندگیراوی دەرکەوتن لەنێو سەرۆکایەتی چەمکەکەدا، بەڵکو بریتییە لە کۆبوونەوەی ئەو شتانەی کە پتر سەروکاریان لەگەڵ فرەیەتیدا هەیە وەک لەگەڵ بە ئەندامبوونێکی سیستماتیکی. لەناو وشەی فرەییدا پرۆگرامێکی پلورالیزمی ئۆنتۆلۆگی دەبریسکێتەوە. ئەوە بەشێکی (ولیەم جەیمس)ـە لە ڕق و قێزلێهاتنەوەی ئەمەریکی بەرانبەر بە ڕەهاگەرایی ئەوروپاییە کۆنەکە کە ئەو تانەی ئەوەی لێ دەدا بەوەی هەموو ژیان دەخزێنێتە نێو قەفەزی یەکێکەوە. ترسی شوێن لای ئەو لەناو ڕەهاگەریدا هێندە دوور ڕۆیشتووە، بە ڕادەیەک ئەوەی لای پەسەندترە کە دیوەکانی فرەییەکی بێ سنوور ڕەها بکات وەک لەوەی یەکێکی بێ مەرجداری ڕەها بێت و لە باوەشی بگرێت. لەو شوێنەی جەیمس ئەزموونی خۆی بۆ زەبەللاحێتی لە شتە بنەڕەتترینەکەدا ڕاڤە دەکات، لەوێدا ئەو دان بەو گەشبینییە زۆرەملێیەدا دەنێت کە لە خودی خۆیدا پەیوەستی بە ئەزموونێکی ڕاستەقینەی ڕێزگرتن لە فرەیی ڕاستییەکانەوە هەیە، ئەزموونگەری ڕاستەقینە genuine Empirismus تەنیا وەک ئەزموونگەرییەکی گۆشەبەرفراوان دەکرێت هاوشێوەی پێناسە فیکرییەکەی خۆی بێت، ئەمەش پێویستی بە بوێرییەک دەبێت لەبەردەم شتە ناباوەکاندا، هەروەها داوای ئامادەباشیشمان لێ دەکات لەبەردەم شتە ناوازەکان و دەگمەنەکان و پاتۆلۆگییەکانیشدا خۆمان ڕابگرین.

جەیمس ئەوەی لە ڕۆژە بەناوبانگەکانی خۆیدا لە هەمان کاتدا هەم خەمی دەخوارد و هەمیش گاڵتەی پێ دەهات ئەوە ببینێت کە چۆن هەندێک لە هاوکارەکانی بە مەبەستی جیددییەتەوە سەریان ڕادەوەشاند، هەرکە تێبینی ئەوەیان بکردایە، ئەو بە چ ئاگاییەکی بەدگومانانەوە هەندێک دیاردەی دڵنیای وەک، تێلەپاتی، ڕوونبینی، یان نووسینی ئۆتۆماتیکیانەی ڕاکێشایە نێو دیدی پێوەرێکی سەرووئاساییەوە/ پارانۆرمالەوە. بەلای ئەوەوە ئەمەش لە یەککاتدا جگە لە ناسینی فەرمایشتێک بۆ ئادابی ئەزموونگەری و لە کێشەیەک، کە پێگەی پلورالیستییانەی خۆی لە دژی هەموو جۆرە زەبرێکی یەکایەتی Einheitszwang ڕابگەیەنێت چیتر نییە. ڕێک بەمەش بێ سەلیقەیی و بێ ئەدەبی ئۆنتۆلۆگییانەی شتە سەرووئاساییەکان بە شێوەیەکی هاوسۆزییانە ئیتر مانا پلورالیستییەکەی خۆی دەدوێنێت. دەشتوانین بڵێین، ئیمپیریزمی جەیمس بریتی بووە لە ڕێگایەکی ئەمەریکییانە بۆ ناو فینۆمینۆلۆگیا. جەیمس ویستوویەتی وەک هاووڵاتییەکی ئازاد لەناو کۆماری ئەو دیاردانەدا بژی کە ڕێ لەهاتنەژوورەوەی هیچ بوونەوەرێک ناگرێت، بەلایەنی کەمەوە بەبێ هیچ بیانوویەکی پێشینە. لەناو ئەم کۆمارە فینۆمینۆلۆگییەدا شتە باوەکان هەروەک شتە ناباوەکان دەبنە زەبەللاح.

ئەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە تەماشای بەشداریی ئەمەریکییە گەورەکان لە دابڕانە شۆڕشگێڕانەکانی فیکر لە سەدەی نۆزدەیەمدا بکەینەوە، ئەوە واتاداری ولیەم جەیمس وەک هەڵگری ئەکسیۆنێکی ترانسئەتلەنتیکی هاوشان بە نیتشە و (بێرگسۆن)یش هاوشان بە فرۆید دێتە بەرچاومان. کاریگەرییە چۆنایەتییەکەی بەتایبەتی لەو بوارەدایە کە بە ئەمەریکانیزەکردنی ئایین بەرپادەبێت. ئەم گوزارەیەش دوو شت دەگەیەنێت: یەکەمیان وەرچەرخانی پراگماتیکییانەی پسایکۆلۆگیای ئایین، کە لە فیکری یەسوعییانەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، چاکە بە ڕیشەدا ناناسرێتەوە، بەڵکو بە بەروبومەکەیدا. دووەمیشیان حەز و مەیلی ئەمەریکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە بۆ داهێنانی پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگ لە تەکنەلۆگیایەکی

خۆشکراو و سافیلکەیەتییەکی پتەوەوە. جەیمس وەک ڕابەری وشەییانەی بە ئەمەریکایی کردنی ئایین پاڵهێزگەلێکی بەرفراوانی بەخشیوە بۆ بەکارهێنانی ڕێکارە پسایکۆمیکانیکی و پسایکۆتەکنیکییەکانی ژیانی ناوەوەی تاک. بەو جۆرەی جەیمس لە ڕێی ئەزموونی ئازاری زوویەوە زانی بووی، توانستێکی توندی خەمۆکییانە ئەوساکە لێت دەبێتەوە ئەگەر مرۆڤ هەبوونی تایبەتی خۆی بە هەندەوە لەنێو چەمکە سروشتناسی و چارەنووسسازییەکاندا لەنێو چەمکە میکانیکییەکاندا کوتومت ڕەنگ پێ بداتەوە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی ئاڵوگۆڕکارییەکی ترسناکی نێوان خەمۆکی دەروونییانە و بەخۆشتکردنێکی تیورییانە. وەکی تریش شتێکی هاوشێوەی ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا یۆهان گۆتلیب فیشتە لەناو نووسینە ناوادارەکانیدا بە دەرەنجامێکی فانتازیییەوە دەرهاویشتە کردووە کە پێی وایە: لەناو ئەو فیکرەی کە دەرەنجامی زانستی بابەتی هەیە، ئەوەی خۆی تەنیا و تەنیا وەک ئامرازێکی هۆکار نامۆ لەناو کارخانەی جیهاندا تێ بگات، ئەوە خۆی لە خۆبەخۆییەکی دادەبڕێنێت و سەرکێشی ئەوەش دەکات بەربێتەوە نێو لە ڕوح خستنێکی بێ چارەسەر. تاکێکی ئاوەهاش دەبێت تا کۆتاییەکی غەمگینانە وەک پارچەیەکی دەروون نەخۆش، یان وەک ماتەرییەکی دەمارشێت بەناو گەردوونێکی مردوودا ڕەوت بکات.

هەروەها فیشتە دەرچوونیشی لە حەتمییەت De-terminismus وەک چارەسەرێکی گەورە بینیەوە: ئیمپەراتیڤەکەی، فەرمایشتەکەی ئەو بریتییە لە خۆچارەسەرکردن لە ڕێی خۆسەپاندنی ئازادییەوە، بەڵام جەیمس لە لایەن خۆیەوە کاریگەری خەمی - ئازادی بە بەستنەوەی بە بیرمەندی - کانت - بیانەی فەرەنسایی چارلس ڕینۆڤێ - بە سەرکەوتنی جۆراوجۆرەوە ئەزموون کرد، تا لە دواییدا ئەو خۆی لەناو ڕیزی بیرمەندانی نوێی ئازادیدا پیشان دا. ئەو لە ڕێی ئەزموونکردنییەوە لەناو ڕەوانی خۆیدا بەوەی زانی، کە خۆبەئۆییەکت کردن بەپێی چەمکە میکانیکییەکان مەترسی مەرگێکی هاندەرانە دەهێنێتە نێو بواری ژیانەوە. ئەو پێشزانینێکی لەبارەی هاتنی ئەو پرۆلیتاریاتە خەمۆکییە گەورەیەوە هەبوو کە لە ڕۆشتنیاندا بەرەو سەرچاوەکانی خۆهاندان دابراون و ئەوان هیچ ڕوانگەیەکی تری ژیان شک نابەن جگە لە خود هەوڵدان و خود ئەزموون کردنێکی ناچیز نەبێت. ئەو هەر زووش لە ئایدزی بێ باوەڕی ئاگاداری کردووینەتەوە. جەیمس خۆی سوودمەند کرد و شکۆیەکی فراوانتری بەدەستهێنا، کاتێک ئەو وەک دانەرێک بگرە پتر وەک گوتاربێژێک زیادبوونی تیورییانەی ئەزموونی خۆتیراپیکردنی پەخش کردەوە. وەکی تریش پێدانی ئەم زانستی خۆچارەسەرکردنە بە ئەوی تر بەلایەنی کەمەوە لە سەردەمی ئەدەبیاتی پرۆتێستانتییەوە لە سەدەی ١٧ـەوە بە میکانیزمێکی گرنگی جڤات و کۆمەڵ دروستکردن لەناو کۆمەڵگای مۆدێرنەی بازاڕدا ماوەتەوە. هەر بەم شێوەیەشە کە بوارێکی نائەکادیمی بەرفراوانیش توانییان ویلیەم جەیمس وەک مامۆستای مافی ژیان، هەروەها وەک مافپارێزەری «ئیرادەی باوەڕ» بناسن.

دەشێت تێکستە ناوادارەکانی جەیمس وەها بخوێنرێنەوە، وەک ئەوەی ئەم نووسەرە ویستبێتی ڕێبازە توندەکەی نیتشە سەبارەت ئیرادەی دەسەلات بگۆڕێتە سەر تیورییەکی زیرەکانەی مافی هێز. بەلای (جەیمس)ـەوە ئەم مافە وزەبەخشەی مرۆڤ هەیەتی نابێتە مایەی بەرزەمرۆڤێکی خۆتێپەڕیو و باڵادەست بەسەر جیهانەوە، بەڵکو بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ڕۆژانەیە کە لەبەردەم هەڕەشەی زیادبارکردن و لەمۆتیڤخستندا بێت کە پاڵەوانێتییەکەی لەوەدایە، شکستەکەی چەندێک لەناو خۆیدایە، هێندەش فریی بدات بۆ دەرەوە. پاڵەوانە ئەمەریکی، یان نیو - ئینگلیزەکانی جەیمس، لەوانە خۆیشی، بریتین لەپاڵەوانەکانی وەدواخستنی دارمان Zusammenbruchvertagung. بەلای ئەوەوە پاڵەوان ئەو کەسەیە، ڕۆژانە وەئاگادێتەوە بۆ دانانان بە چانسەکانیدا. (وەک تریش دەکرێت لە درامای: مەرگی دێوەرەیەکی ئارتۆر میللەردا بە ڕوونی درێژەپێدانی تیورییەکەی جەیمس سەبارەت بە نەبەردی مرۆڤ لەناو تراژیدیا پووچەکاندا ببینێتەوە.). شتەکە بەو جۆرە بوو، وەک ئەوەی جەیمس ویستبێتی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە کەسی ئەمەریکی بیت - یان با بێ پێچوپەنا بڵێین مرۆڤی مۆدێرن - بیت و وەهاش بمێنیتەوە، تەنیا ئەو کاتە دەشێت کاتێک مرۆ ناوی «سەرمایە/کاپیتاڵ» بنێت لە هێزی خواست و لە خودمتمانەییەکەی خۆی. هەڵبەتە جەیمس، بە شێوەیەکی سروشتییانە، سروودەکەی ڕالف والدۆ ئێمەرسیۆنی لەسەر فەزیلە ئەمەریکییەکە بەکاتیگۆری متمانە - بەخود Self-relianceی لە

گوێچکەدا دەزرنگێتەوە. (جەیمس)ی سایکۆلۆگیش ئەو ئەرکەی لەسەر شان بوو، ئەو سروودی تێپەڕیوە داستان ئامێزانەیە وەربگێڕێتە سەر ئاوازێکی شیکارییانە، کەواتە دەبێت بەچی ئامۆژگاری مرۆڤ بکرێت، بەتایبەت ئەوانەی ئێستا سەرچاوەکانی خودمتمانەییان وشک بووەتەوە؟ فەیلەسووف چۆن دەتوانێت قسە بۆ ئەوانە بکات کە لە ڕووی دەروونییەوە وشکهەڵاتوون و ئێستا چ دەروازەیەک بۆ بینین و هێزەکانی خواستن نادۆزنەوە؟

لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، دواجار ئەوە دەردەکەوێت، بە ئەمەریکایی کردنی ئایین چی دەگەیەنێت. ئەوەی لەسەر پارچەزەوییە نێوەکییەکەی خۆیدا هێشتا کانیاوێکی وزەی بە قوڵپی نەدۆزیوەتەوە، ئەوە لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت واز بهێنێت، ئەو دەبێت لەناو هەناوی خۆیدا لە گەڕان بەردەوام بێت تا لەناو خۆیدا بەر هێزە ناخەکییەکانی قووڵایی دەکەوێت. دیارە ئەمەش لەخۆیدا بریتییە لە ئەمەریکانیزم لە ئایینداـ واتە گرێدانەوەی عەقڵییەتی گەڕان بەدوای نەوتدا لەگەڵ تەقوای سەرکەوتن. ئەوەی بگەڕێت دەدۆزێتەوە، لە ئەمەریکای ئەم سەدەیەی ڕابوردووشدا ئەمە بریتی بووە لە: هەروەها لەژێر خۆتدا، تەنانەت ئەگەر ئێستاش بێهێز دەربکەویت، دەریایەک – هاندەری بزوێنەر هەیە. تۆ لەسەر ئەودیوێکی پڕ لە وزەدا دەژی، کە لەچاوەڕوانی ئەوەدایە، لەناو تۆوە سەر هەڵبڕێت. خودا تەکساسێکی ناوەکییە، مرۆڤیش دەزگایەکی هاندەری وزەی قووڵاییەکانە. ئەمەریکانیزم لەمانا ڕوحانییەکەیدا واتە ئامرازگەری نوێ Neo Me-diumismus: ئەوەی لە جیهانی نوێدا بژی، هەمیشە چانسی ئەوەی هەیە، خۆی بکات بە کەناڵێک و لێوەی پڕۆژەی پڕ لە فیکر خوڕە بکات، هەموو کەسێک، بەتایبەت ئەوانەی ئەوبەر ئەتلەنتیک، میدیۆمێکی بەتوانستە بۆ هێزی سەرکەوتن لەو بەرەوە.

بەڵام بەوەشدا کە ئایینی ئەمەریکایی ڕاستەوخۆ گرێدراوی گەڕانە بەدوای سەرکەوتن لە ژیاندا، ئەوە باوەڕ دەبێتە چالاکییەکی ئەزموونگەرییانە، ئیتر ئێستا ئەم ڕستەیە کاریگەری خۆی هەیە: ڕاستی ئەوەیە، کاریگەری هەبێت. ئاوەها بەم جۆرە بۆ ژیانی مۆدێرنەی باوەڕ، نەرمەکان دەگۆڕێن بۆ ڕێچکەیەکی هەڵبژاردەیی: واتە ئەگەر دەرکەوت کە باوەڕێک بە تەواوەتی کاریگەر نییە، ئەوە دەکرێ و دەشبێت بەدانەیەکی تر بگۆڕدرێتەوە. ئیدی لێرە بە دواوە ڕێگا بەرەو سوپەرمارکێتە – ئایینییەکانی پۆستمۆدێرنە بەکراوەیی دەبێت، بە کەمتریش لە سەد ساڵێک ئەم ڕێگایە لە لایەن ئەمەریکاییە ئایینییە ئەزموونگەرەکان و ئەوروپییەکانەوە بە تەواوەتی گل درایەوە و هەر زۆر بە خێراییش هەموو قۆناغەکانیان لەسەر ئەم ڕێگایەدا بڕی، هەر لە سینکرێتیزمەوە/ ئاوێتەی ئایینزاکان بە تێپەڕینی بەسەر ئێکسۆتیزم/ فرەگەلی ئایینزاییدا تا بەرەو پووچاندنیشی چوون. لە هەر جێیەک ڕەوتی مۆدێرنە لە ژیاندا لەگەڵ گریمانە ئایینییەکاندا کەوتبێتە کارکردن، لەوێدا مۆتیڤی پراگماتیزمانە خۆی کردووە بە دەروازەیەک بۆ سەرچاوە نێوەکییە – دەرەسنوورەکانی وزە و لەگەڵیشیدا بەشدار بووە. ئەو کاتەش بە دروستی لەوە تێدەگەین کە بۆچی لەم دیو و لەو دیوی ئەتڵەنتیک ئەو دوکانی بازرگانی کردنانە هەن کە لەسەر یەک تاق و یەک ڕەفەیدا تەواوی تارماییەکانی جەماوەری ئایینییانەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا نمایش دەکات و لەسەر دیوەکەی تریدا تەواوی تارمایی حەبە ڤیتامینییەکان نمایش دەکەن. لە هەردوو نمایشەکەشدا هەر هەمان دییەتی پراگماتیزم Diät-Pragmatismus کاری خۆی دەکات، ئەوجا ئایینەکان بن، یان ڤیتامینەکان، هەردووکیان خزمەتی هەمان میتا – باوەڕ دەکەن، بە شێوەیەک کە دەبێت هەموو تاکەکەسێک ئەو باوەڕ و ڕەگەزی شوێنەوارانەی کە لای ئەو باشترین کاریگەری هەیە، بیاندۆزێتەوە و بە شێوەیەکی داڕێژراوانە قبووڵیان بکات. ئەوە ئەرکی تاکی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەیە، لە دژی خۆی مۆتۆڕی ژیانی خۆی بە سووتەمەنییە وزەییە نادیارەکانی خۆی لێخوڕێت. جەختاندن و ڤیتامینەکان کە بریتین لە ژیانی زیندوو/ ڤیتا ڤیتالیس و لە چارەسەرێکی نزیک، لە دەرمانخانەی پراگماتیزمەوە بەدەست دێن.

ویلیەم جەیمس بە تێڕامانێکی کەشخەوە لە وانەیەکدا بە ناوی ویستی باوەڕ The will to Believe لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٦ دا ئەوەی بۆ هاوکارەکانی لە یانەی فەلسەفی یال Yale و لە زانکۆی براونیش Brown ڕوون کردەوە کە مرۆڤ، سەرەتا زاناکانیان، مافێکی ئەوتۆی لەسەر شێوە ژیانی باوەڕدارییانەی بۆ خۆی هەیە کە بە هیچ شێوەیەک ئەو مافە شیاوی هێنان و بردن نییە، ئەو باوەڕەش تا ئەوپەڕی توانایی بزاوتن

هانی مرۆڤ دەدات، لەبەر ئەوەش ژیان شتێکی کورتە و لەبەر ئەوەش ڕەنگە ژیان هەر شتێکی بێ ماناش بێت و ژیانی پراکتیکییانەی باوەڕیش بۆ ماوەیەکی درێژ سڕ بکات تا ئەگەری ئەوەی لێتوێژینەوەیەکی بابەتییانە کار لەو ڕاستییانەدا دەکات، ئەوە ئەم مافە بەبێ هیچ چەندوچۆنێک کاریگەری خۆی دەبێت. هەموو کەسێک لە هەموو کاتێکدا خۆی بە پاپایەکی هەڵە و لێ نەوەشاوەی ڕەمەکە بزوێنەرەکانی خۆی دادەنێت و هیچ کەسیش لەوەدا سەرزەنشتی ناکات. دوو، سێ نەوە دواتر گوروسەکان Gurus هاتنە بازاڕ و بەم دروشمە زۆر بەدنیازەوە بانگەوازیان دەدا: ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە بە چ شێوەیەک ڕۆشنگەری بەدەست دەهێنیت.

ڕەدوو کەوتووانی شێوە کۆنەکانی تری باوەڕ ڕەنگە ئەم سەرنجانە لەسەر پراگماتیزەکردنی ئایین لایان مایەی تووڕەیی بێت، ڕاستییەکەشی ئەوان بە ڕادەیەک هێرشبەرن کە ناکرێت دان بەوەدا نەنێین کە بەڕاستی سنوورێکی چڕی هاتوچۆکردن لە نێوان شتە میکانیکییەکان و شتە ڕوحییەکاندا هەیە.

لایەنێکی باشی ئەمەریکانیزم لەناو ئایینا ئەوەیە کە ئەو لە بەشداریکردنی خۆی لە سەردەمی تەکنیکدا هیچ نهێنییەک ناشارێتەوە، بەلای ئەمەریکانیزمەوە باوەڕ دواجار مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەزموونێکی ڕەمزییانەی ڕوح و ماشینە mind- machine بکەیت، ئەوەشی سەربە لایەنە بەهێزەکەی ڕاڤەی پراگماتیزمە، ئەوەیە کە ئەو پەنجە دەخاتە سەر ئەو پێوەندییە فەرامۆشکراو و نادیدەکراوەی ڕوحە جوانەکان لە پێوەندی «باوەڕ» و بە «ئیرادە بۆ سەرکەوتن»ـەوە.

ئایینی پراگماتیزی، میتافیزیکێکی نیمچە ڕووتی سەرکەوتنی ژیان Lebenserfolgمان دەخاتە پێش چاو و ڕاشکاوانەش دان بەوەدا دەنێت، ئەگەر نەشیاوییەکیش لەوەدا هەبێت، ئەو لێی تێ ناگات. ئەگەر ژیان بەپێی باوەڕ، یان با پراگماتیزمانە قسە بکەین، بەپێی ئایین هەمیشە لەنێو نهێنییە هاندەرەکانی سەرکەوتندا ئەژمار بکرێت، ئەوە دەبێت هانی ئەو لایەنە باشەی ئەمەریکانیزمی ئایینی بدرێت، بەوەش دەست پێ بکرێت کە ڕووناکی بخاتە نێو تاریکایی ژیانی سەرکەوتنەوە Erfolgsleben. وادیارە لێرەوە ئیتر دەبێت بگوترێت: یاسای بە زیندوویی مانەوەی شارەزاکانی باوەڕ لەناو جیهانی ڕوحییانەدا شتێکی کارایە.

ئێمە دان بەوەدا دەنێین: ئەوەی لە ڕووی هاندەر و بزوێنەرەکانییەوە لە بەرزاییدا بێت، ئەوە چانسی سەرکەوتنی باشتری هەیە. ئەگەر داروین بە تەواوەتی بیری بکردایەتەوە، ئەوە ئەو لەبارەی بەزیندوویی مانەوەی تۆکمەترین باوەڕدارەوە survival of the fittest believer قسەی دەکرد، نەک مانەوەی چاکترین و بەهێزترین.

بێ گومان جەیمس خۆی بەشداری لەوەدا کرد کە توندڕەوێتی ئەم تێزەیە خاو بکاتەوە. ئەو جۆرێک لە میتاتیوری باوەڕ، یان تیوری میتاباوەڕی داڕشت، کە ڕێی ئەوەی پێ دەدات، ژیان و سەرکەوتنی ژیانی تاکەکان لە ژێر چاویلکەی شیمانە بەکردەوە بووە زیندووەکاندا بنووسێتەوە، لەمەشدا پاشماوەیەکی میتائایینییانەی ڕێزگەرتنی دینامیکییەتی باوەڕی هاوولاتییان لەناو کۆماری باوەڕدا Republik der Überzeugung خۆی بەیان دەکات، ئەمە ئەگەر بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە باوەڕدا بەلای کەسی دان پێدانەرەوە شتێکی شیاو نەبێت. ئەگەر گەرەکیشمان بێت وردەکارییە پەرشوبڵاوەکەی جەیمس لەسەر لۆجیکی باوەڕ لەناو تێزەیەکی یەکانگیردا دابڕێژینەوە، ئەوە ئێمە دەگەین بە تیورییەک بۆ بازنەی خۆشی. ئەوەشی لەناو ئەو بازنەیەدا ڕەوت بکات، خۆشی لەناو خۆشیدا و بەخت لەناو بەدبەختیدای دەست دەکەوێت، واتە سەرنەکەوتن بریتییە لە سەرکەوتن لەلاڕێوە. قومارچییە باوەڕدارەکان هەمیشە لەسەر تووڵەڕێیەکی باشدان. لەناو بازنە پەرجووکارەکەشدا لە ڕێی پرۆژەیەکی باوەڕەوە خود ئەزموون کارییەک لەناو سەرکەوتندا ڕەهادەکرێت و لە ڕێی سەرکەوتنەکەشەوە خود ئەزموون کردنێک لەناو باوەڕێکی سەلمێنراوەوە بەرپا دەکرێت. ئەم بازنەیە وەک سیستمێکی خۆپێتەوکەر، یان وەک لوولپێچێکی میتا- ئەفسووناوی ڕاڤە دەکرێت، واتە لەناو ئەم بازنەیەدا هیچ شتێک وەک خودی سەرکەوتن ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، واتە ئەوە بریتییە لە باوەڕ بە باوەڕ بەسەرکەوتن.

ئەوەش هەر ئەفسوونی مرۆییانە و فیکرییانەی (ویلیەم جەیمس)ـە، کە بە دڵێکی گەورەوە، هەڵبەت لە وێنەی ئەو کەمە، خواستی خۆی بۆ باوەڕ بە پلورالیزمی بەخت ناساند. بەو جۆرەی جەیمس ئەزموونگەری Em-pirismus بە شێوازێکی ئەمەریکییانە کردە فینۆمینۆلۆگی، ئاوەهاش میتا- باوەڕەکەی سەبارەت بەو

بەهایانەی باوەڕ و پیادەکردنی باوەڕ، کە چ جێگرەوەیەکیان نییە، دەبێت وەک ڕێگایەکی ئەمەریکییانە بۆ ئابووری Ökumenismus پێناس بکرێت.

هەڵبەتە تەنیا ڕێچکەگەلێکی کەمی شێوازی ئەمەریکییانە بۆ ژیانی ئایینی American way of re-ligious life دەچنەوە سەر ئاراستە ئابوورییەکە. بەو جۆرەی هارۆڵد بلووم Harold Bloom لە کتێبە تەنگەنەفەسەکەیدا ئایینی ئەمەریکی The American Religion, New York 1992. پیشانی داوە، لەژێر پەتووی سێکولاریزمی شارستانیدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەکاتی کۆتایی هاتنی یەکەمین جەنگی جیهانەوە وەرچەرخانێکی گەورەی عەقڵی بەرپا بووە، کە لە دەرەنجامی ئەوەشدا، نەتەوەی ئەمەریکی لە هاووڵاتی ئازاد و نەبەردەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی باوەڕی مەسیحییانەیان لەناو مەنجەڵێکی جادووگەرانەدا گۆڕیوە بۆ ئایینزایەکی ئازاد، لەوانە چەند بزووتنەوەیەکی بەهێزی وەک چارەسەرکاری ڕوح و مۆرمۆنیزم و باپتیستایەتی، هەروەها نیو ئۆرفیسمی کالیفۆرنی و بزووتنەوەی چاخی نوێ. ل٣٥٦.

کتێبەکەی بلووم وەک کۆپییەکی ڕاستەوخۆی لێکچەرەکەی جیفۆردە- نزیکەی سەدەیەک دواتر دێت، کە باسی فرەیی ئەزموونی ئایینی ئەمەریکی دەکات لە دەریچەیەکی کراوەی سەردەمی مەسیحایەتی ئەمەریکییەوە. کتێبەکە وەڵامێکی نایابی بێ وێنەی زیرەکانەی ئەوتۆ سەبارەت بەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە بۆ ئەوروپییەکان لە ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش زیاتر دەردەکەوێ، کاتێک لەدوای تازەترین گشتپرسییەوە دەرکەوت پتر لەسەدا نەوەدی هەموو ئەمەریکییە پێگەیشتووەکان پێیان وایە ئەوان لەناو باوەڕێکدا دەژین کە پەیوەستە بەبوونەوەرێکی باڵاوە، هەر ئەمەش خۆشەویستییەکی تایبەتمەندی پیشان داون.

هارۆڵد بلووم ، کاتێک دەستەواژەی «گنۆسیس» وەک ناوونیشانی بەرهەمە کۆکراوەکانی بۆ سینکرێتیزمی ئەمەریکایی پێشنیار دەکات، بەمە بێ ئاگاییەک ئەنجام دەدات. بەپێی بلووم ئامانجەکانی ئایینی ئەمەریکایی بریتین لە ئاڵا و لە کۆرپە Fötus، واتە سیمبولی ژیانێکی هەم واڵابووی زاڵ بەسەر ژیاندا و هەمیش ژیانێکی ئەمەریکایی هەڕەشە لەسەربوو لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە سیمبۆلی ژیانێکی ئەمەریکایی هێشتا لەدایک نەبوو کە لە ساغێتییەکەی خۆیدا هەڕەشەی لەسەرە. ڕاستییەکەی دەردەنیشانە و سیندرۆمی ئایینە نوێ ئەمەریکاییەکە حاڵەتێک نییە لە گنۆسیس Gnosis، بەڵکو بریتییە لە خوداپەرستییەکی/ تیۆسۆفیایەکی نەتەوەییانەی پاش - مەسیحایەتی nach-christliche Nationaltheosophie.. ئەو وەک میتاستاسەیەک/ وەرەمێکی بەدی کالڤینی ئایینی ژیانێکی بێچەندوچۆنی سەرکەوتن دەهێنێتە ئاراوە، بەم مانایەش ئەو لە تێگەی سێکولاریزاسیۆنی ڕادیکاڵدا بریتییە لە ئایینێکی بەجیهانبوو. لە ئەنجامیشدا گەمەی هەموو ئەو میتودانە دەکات، بە دوایەمین بەرباڵاوییانەی پسایکۆتەکنیکی و میدیاتەکنیکی خۆیەوە، لە پێناوی ئەوەی دنیای ئەودیو لە دنیای ئەم دیودا ئامادە بکات. دوایەمین بایەخی ئەو بریتییە لە: بۆ بەرپابوونی خودا to make god happen، سەرکەوتنی من هێندە دوور نییە. بەلای ئایینی ئەمەریاکاییەوە هەمیشە «ئێستا» هەموو شتێک هەبووە.

گوتارە داماوەکەی بلووم لەوە بێ ئاگایە کە ئایینی ئەمەریکی لایەنە دژەکەی پاڵهێزی گنۆستیکی بەرەو زاڵبوون بردووە، ئەمە ئەگەر وا لە گنۆستیس تێ بگەین کاتێک بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی ئەنتیکی دەریای ناوەڕاستدا خۆی ڕاگەیاند وەک دەست پێشخەرییەک بۆ ڕزگارکردنی ڕوح لە جەبری جیهان.

ئایینزاکانی ئایینی ئەمەریکایی لە بەرانبەر ئەمەدا هیچی تر نین جگە لە خوێندنگای حەز و چنۆکیی ڕوحییانەی جیهانی ناوەوە بۆ سەرکەوتن: ئەوان لەسەر دەرەهەناوێکی Superimmanenz ئەفسووناوی دانیشتوون، هەر هەموو ئەو ئایینزایانە گفتی فیتنێسێک لە ناوەوە دەدەن لە غاردانی پێشبڕکێدا بەدوای خەڵاتی بردنەوەدا بە شێوەیەکی کردەکییانە، زۆرکردەکییانە. لێرەوەیە زۆربەی ئەوانە بازرگانییانە و خێرا و تیژتێپەڕ و خۆتێهەڵقورتێنەر و خۆسرکەرن و ڕەدووکەوتووانیشیان کڵپەیەکی ڕوحییانەیان لەسەر زماندایە و هیواکانیان لە دەفتەری چێککردن تۆمارکردووە. ئەوان هەموویان خودا بە سپۆنسۆری خۆیان دادەنێن. بەهۆی ئەوانە ئیراسیۆنالیزم/ ناعەقڵانییەت تۆڵەیەکی خۆش لە پراگماتیزمی سێکولار دەکاتەوە. لە ڕووی ئەو پەرەسەندنانەدا ڕووناکبیرانێکی کەمی ئەوروپایی

توانیویانە تێگەیەکیان سەبارەت بە ئیدیای «ڕایخی سێیەم» وەک تیۆسۆفیایەکی نەتەوەییانەی ئەڵمان هەبێت، ئیتر چیتر ئەو ئاژێرە نابێت ئافەرۆز بکرێت کە هارۆڵد بلووم بەو وتارە ڕەخنەییەی لەسەر ئایین لێی دا.

ئەوەشی سەبارەت بە (ویلیەم جەیمس)ـە، ئەوە پرۆژە فەلسەفییە ئایینییەکەی ئەو ئیمپایەرێکی لیبراڵی وا بەرپادەکات، کە بۆ تەواوی کۆماری ئەگەر و شیمانە زیندووەکان ڕەوا بێت، زۆر بەدووریش لەو گێچەڵە ئەمەریکییەوە، ئەوە پەروەردە نوێ ئینگلیزییە پرۆتێستانتیزمەکەی و دیسیپلینە عەلمانییەکەی هارڤاردییەکەی و ئیندیڤیدوالیزمە پەنهانە بەسامەکەی و پەخشانە شادیهێنەکەی، بە ئەندێشە و فانتازیا تیۆسۆفی ناسیۆنالییەکەی، ئەویان لە بازنە تەماوییەکەی هەوەسی ئەمەریکانیزم دەرهێنا.

بەهۆی سروشتە میلانخۆلییەکەیەوە جەیمس پێی وابوو، هەموو هەڵهاتنێک بەرەو باوەڕی پۆزەتیڤی هەر لەپێشەوە داخراوە. ڕێگاکەی ئەو بریتی بوو لە هەستیارترین و کاراترین میتائاییینی، کە تێیدا دەبێت خودی ئایین خۆی ببێتە جێگرەوەی بایەخدان بە ئایین. ئەم جێگرتنەوەیەش بریتی بوو لەو شتەی کە جەیمس بە هیچ شێوەیەک بە گۆڕینەوەیەکی زیانبەخشی دانەدەنا، ئەگەر بایەخدان بریتی بێت لە ئەگەر و لە شیمانەیەکی زیندووی تەواو، ئەوە دەکرێت باوەڕێکی گەورە بکاتە شتێکی ناپێویست، ئاوەها جەیمس بریتییە لە هاوپەیمانێکی سروشتییانەی ئەوانەی هۆکاری ئەوەیان هەیە، لە ڕێی بایەخدانیان بە ئایین خۆیان لە ئایین ڕزگار بکەن.

جەیمس وەک ڕاڤەسازێکی شتە گەورە و زەبەللاحەکە، جیاواز لە نیتشە، ئەوەی بە پێویست داناوە، تاکەکان لەو شڵەژان و گێچەڵە بپارێزرێن کە دەبێت لە وەحی زۆرێتی جیهانەوە لە بەردەم عەقڵی ڕووتی مرۆییدا دەرەنجام بکرێت. ئەو پێی وابوو، ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە مرۆگەل بەرەو شێتی نەهاژووێت، شتێک کە لەدوافەلسەفەوە دەردەچێت. لەمەشدا ئەو هیچ لە شێوەی تیۆلۆگەکانی چاخی ناوەڕاست ڕەفتار ناکات کە پێیان وابوو، دەبێت وەها لەبارەی خوداوە قسە بکرێت، کە عەقڵی مرۆیی لەبەردەم ئەو وەحییە توندەدا پارێزراو بمێنێتەوە، ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی کەمتر بە کوێرایی داهاتنێکی میستیکیان داناوە، بگرە زۆرتر لەوەی بۆ یەزدانێکی فرەخۆشەویست بن بۆ زەبەللاحێکی ڕوون و تاریکی جیهانە و دەرکەوتنیشی لەناو ئێمەدا ڕێوشوێنی خۆی گرتووە.

یەکێک لە ڕێکارە ژیرانەکان هەڵبەتە لە بە پراگماتیزمکردنی چەمکی هەقیقەتدا لای ویلیەم جەیمس دەردەکەوێت کە وای دەبینێت: ڕاستی ئەوەیە کە لە ژیاندا بەروبوومی هەڵگرتبێت، ئا لێرەدا ئەمەریکاییە مەزنەکان لەگەڵ نیتشەی ڕەخنەگری مەعریفیدا لە هەمان دیوی سەنگەرێکدا دەبینرێنەوە.

ئەگەریش گەرەک بێت ئەو مۆتیڤە بخەینە ڕوو کە لێوەی بچینە ناو بایەخدانی (جەیمس)ـەوە بە ئایین کە دواجار وەک شتێکی «پێویست» یان وەک ئەرێ کردنێکی بێ چەند و چۆن دەربکەوێت، ئەوە ناتوانرێت بە هیچ وتەیەک بخرێتە ڕوو جگە لە وشەی: چانس/ دەرفەت، ئەوەش تاکە وشەی باوەڕهێنانی (جەیمس)ـە کە ئەرکەکان پیشانی عەقڵ و ژیرێتی دەدات. کاتێکیش جەیمس لە هێرمەنیوتیکەکەیدا بۆ زەبەللاح جەخت لە فرەیی ڕووەکان دەکاتەوە، ئەوە ئەو فرەیی وەها لێکدەداتەوە وەک ئەوەی بریتی بێت لە سەرچاوەی هەموو چانسێک بۆ تاکەکان. لەناو چانسەکاندا قەبارە تاریکەکەی شتەکان خۆیان بۆ من دەدرەوشێننەوە، لە کوێشدا لە ڕێی چانسەوە ڕووناکایی بەرپا بێت، لەوێدا خۆم وەها وەردەگرم وەک ئەوەی جێگەیەک بم لەناو بوونێکدا کە ڕابوون و بووژانەوەی تێدا مەیسەرە. چانس تاکەکەس لەگەڵ زەبەللاح و گەورەکەدا ئاشت دەکاتەوە، بەوەی ئەوە پیشانی تاک دەدات، سەرباری هەموو کەوتن و شکست هێنانێک، دەبێت هەر کۆششی نوێ بدرێت بۆ سەرکەوتن. پێ دەچێت هەندێک جار جەیمس هێندە دوور ڕۆشتبێت، بەوەی بڵێین، بۆ مرۆڤ چانسی ڕزگاربوون گرنگترە لە خودی ڕزگاربوون خۆی.

جەیمس هەبوونی خۆی لەم ڕستەیەدا کورت دەکاتەوە: «دڵ بە چانسەکان دەژی». ئەو وەک پلورالیستێکی زرنگ، دەزانێت کە هەمووشتێک سەر ناگرێت، بەڵام هەموو شتێکیش پەکی ناکەوێت. جەیمس لەناو خواستی باوەڕ بۆ چانسی تاکەکان گوزارشت لە کۆی گومان و دڵنیاییەکانی خۆی دەکات وەک ئەوەی لەناو ئایینزایەکی پڕ جۆشدا بێت.

**سەرچاوە: پیتەر سلۆتەردایک. لە دوای خوداوە.**

**Peter Sloterdijk, Nach Gott. Suhrkamp 2017.S. 332-359.**